کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 18:38بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆ دوعا ... بەڵێن ڕەواندوزی

پێش کەشەبەگیانی پاکی پیرۆزی دوعا

دوعا
سەری ڕێزو نەوازشم دا ئەنوێنم
کڕنووش ئەبەم
لەسەر ئەو بستەزەمینەی
کەجەستەی پاکی تۆی تیا لەسەر
لەخاچ درا
خاکی ژێر جەستەت
کەسوور کرا لەخوێن
بەدەستی نەگریس
تێر تێر بۆن و ماچی ئەکەم
کەلەژێر جەستەی تۆدا
بەقەد باڵای تۆ دوعا
بەبۆنی بەهەشت ئاو ڕشێن کرا
هەر پاش ئەوەی زیرەت گەییە
عەرشی خودا
... ... ...
ئەو دڵ ڕەشانە
ئەو دڕندەو نامرۆڤانە
مەلی خۆشەویستی تۆیان سەر بڕی
لانەو خەون و حەزەکانیان
خاپوور کردی
چاوویان هەڵ نەهات بەرۆژی ڕووناك
بۆیەبۆ تەوقی نەعلەتەلەملەکەیان
شەوق و پەیامی پیرۆزی تۆیان
کردەقوربانی و
بەدارا هەڵیان واسی
.. ... ... ...
ئەزانی دوعا
گشت فریشتەکان
لەقاپی یەزدان
بەناوی تۆی دوعا لەدوعادا بوون
تا لەتۆڵەی تۆی دوعادا
بەر لەوکاتەی بڵێ ی بەدوعا
بەزووترین کات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
25-4-2007 18:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خاك و خۆڵیان وەك قەومی لووت
کەن وەسەرا
.. ... ... ...
ئەزانی دوعا
هەر چەند لەجەستەی ناسکی تۆدا
وورد ئەبمەوەو ئەی بینم
هەر لەو کاتەی بەنامەردی
بەردەباران کرای
بەدەست ئەنساری ئەبو جەهل و
ئەبو لەهەبی کوردی
بێ شك ڕوحی ناسکی تۆ نەبوو
لەنێو جەستەت دا
ئەوەی کەمن دیم
ڕوحی فریشتەیەکی یەزدانی بوو
کرا بوو بەنێو جەستەی تۆدا
دیار بوو ڕوحی تۆش
بەئاسودەیی فڕی بوو
بەرەو قاپی یەزدان
بەر لەو کاتەی لەخاچت دەن
تەشبیەنەبێ وەك و ڕوح و
لەخاچ دانی عەزرەتی عیسا

25/04/2007
bellen3@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.